# المَمْلَكَةُ الأردَنيةُ الهَاشمِيةُ
# شانشینی ئەردەنی هاشمی




## دەستپێك:

ئەردەن لە رووی جوگرافیەوە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، لە نێوان وڵاتی شام و نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەگەڵ عێراق لە رۆژهەڵات، هەروەها لەگەڵ سوریا هاوسنوورە، لە رۆژهەڵات و باشوور لەگەڵ سعودیە، لە رۆژئاوا لە رێگەی کەناراوەکانی رۆژئاوا (الضفة الغربية) لەگەڵ فەلەستین هاوسنوورە، دەڕوانێتە سەر کەنداوی عەقەبە و رووباری ئەردەن.

بە گوێرەی دوایین داتای نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی (10.5) دە ملیۆن و نیو. بە رووبەری (89000 کیلۆمەتر چوارگۆشە)، وڵاتێکی بچووکە لە رووی رووبەر و دانیشتوان، بەڵام کەشو هەواکەی جۆرا و جۆرە.

لە رووی سەرچاوەی سروشتی: ئابووری شانشینەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە کەرتی خزمەتگوزاری و بازرگانی و گەشتیاری و پیشەسازی دەرمان و دەرهێنانی پەین، هەروەها کانەکانی فۆسفات لە باشووری شانشینەکە ئەردەنیان کرد بە سێیەم هەناردەکاری ئەم ماددەیە لە جیهاندا، گرنگترین ماددە دەرهێنراوەکانی تر: خوێ، گازی سروشتی و بەردی لم لە خۆ دەگرێت. دراوی ولاّت بریتیە لە دینار، وە یەك دیناری ئەردەنی بەرامبەر 1.40$ دۆلاری ئەمریکیە.

## مێژووی دروستبوونی ولاّتی ئەردەن

مێژووی دروستبوونی ولاّتی ئەردەن بە دوو قۆناغی سەرەکی تێپەڕ دەبێت:

### یەکەم: قۆناغی ئینتیداب (1920–1957)

لە نیسانی/ 1920 **کۆنگرەی (سان ریمۆ)** بەسترا لە ئیتاڵیا بۆ بڕیاردان لەسەر شێوەی کۆتایی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی کە بە پێی **ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ 1916** بڕیاری لەسەر درا بوو، بڕیار درا بە لکاندنی فەلەستین بە ناوچەکانی ژێر دەستی بەریتانیا.

کۆنگرەی سان ریمۆ، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بوو، لە لایەن ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەسترا، لە سان ریمۆی ئیتاڵیا لە 18-26/نیسان/1920. لەم کۆنگرەیەدا هاوپەیمانە سەرەکیەکان ئامادە بوون، وەك سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (جورج لوید) و سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا (ئەلکسەندەر میلران) و سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا (فرانشیسکو سافیریو نیتی) و باڵیۆزی یابان (ماتسوی کیشیرو) و نوێنەرانی هەریەك لە بەلجیکا و یۆنان.

هەروەها بە واژۆ کردنی **پەیماننامەی لۆزان لە ئابی 1928** ولاّتی ئەردەن بە شێوەیەکی فەرمی لە دەوڵەتی عوسمانی دابڕێندرا.

لە شوباتی 1928 پەیماننامەی ئەردەنی – بەریتانی (المعاهدة الأردنية البريطانية) لە قودس بەسترا، بە پێی ئەم پەیماننامەیە: میرنشینی ڕۆژهەلاّتی ئەردەن جۆرێك لە حوکمی زاتی پێدرا و (عبدالله بن حسين) کرا بە ئەمیری ئەم ناوچەیە. لە ژێر کاریگەری دانیشتووانی ناوچەکە بڕیاری دانانی یەکەم دەستوور درا، ئەگەرچی زۆربەی کاروبارەکان لە ژێر فەرمانی حکومەتی بەریتانیا مانەوە.

لە نیسانی 1928 یەکەم دەستور دانرا بۆ میرنشینی رۆژهەڵاتی ئەردەن، کە لە 72 ماددە پێکهاتبوو، لە گرنگترینیان داننان بە سەربەخۆیی وڵات و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەمیر و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی یاسادانان و ئەنجومەنێکی جێبەجێکردن، هەروەها دانانی یاسای بنەڕەتی بۆ دادگاکان، بەڵام لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا مایەوە.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، بارودۆخەکە گۆڕا، بەریتانیا لەم شەڕەدا کەوتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، ناچار بوو نوسینگەی خۆی لە هیندستان بە جێ بهێڵێت و بکشێتەوە، میر عبد الله ئەمەی بە هەل زانی و ساڵی 1946 سەردانی لەندەنی پایتەختی بەریتانیای کرد، لەوێ **پەیماننامەی دووەمی بەریتانی ئوردنی** واژۆ کرا و پەیماننامەی 1928 هەڵوەشایەوە، دواتریش ئەنجومەنی یاسادانانی وڵات کۆ بۆوە، بڕیار درا، ناوی میرنشینی ڕۆژهەڵاتی ئەردەن گۆڕا بۆ (**شانشینی ئەردەنی هاشمی**)، کە سیستمەکەی پاشایەتی دەستووری بۆماوەیی (وراثي) دەبێت و ئەمیر عبد الله ی کوڕی حسێن وەك پاشای ئوردن دیاریکرا، دەستورێکی نوێ دانرا لە 1947 دەستووری 1928 هەموار کرایەوە.

لە ئایاری 1948 بە هۆی بڕیاری (181)ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دابەشکردنی فەلەستین بۆ دوو دەوڵەتی یەهودی و عەرەبی شەڕ روویدا لە نێوان وڵاتانی عەرەبی (مصر، سوریا، ئەردەن) و ئیسرائیل، دوا شکستی عەرەب و راگەیاندنی ئاگربەست لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە نۆڤەمبەری 1950 بڕیار درا بە هاتنە پاڵی فەلەستین لە کەناراوەکانی رۆژئاوا بۆ سەر ئەردەن (کەناراوەکانی رۆژهەڵات) شا عبد الله بوو بە پاشای فەلەستین.

دوای رەزامەندی ئەنجومەنی گەل پەرلەمانێك پێکهێنرا لە ئەندامانی هەردوو وڵات بە شێوەیەکی یەکسان، دواتریش پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش لە 10 دە وەزارەت، پێنج بۆ فەلەستینیەکان، پێنجیش بۆ ئەردەنیەکان.

لە تەمموزی 1951، لە کاتی ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە قودس، شا عبد الله تیرۆر کرا، لە ئەیلولی هەمان ساڵ شا (طلال بن عبد الله) بوو بە شای ئەردەن.

لە گرنگترین کارەکانی پەسەند کردنی دەستووری سێیەمی ئوردن بوو، بەمەش دەستووری 1947 هەڵوەشایەوە (هەموار کرایەوە). شا (طلال بن عبد الله) بە هۆی نەخۆشی تەنها ساڵێك مایەوە دواتر دەسەڵاتی شاهانەی دایە دەست کوڕەکەی (حسين بن طلال 1935–1999) لە ئابی 1952، بەڵام بە هۆی بچووکی تەمەنی کە ئەوکات تەنها 17 حەڤدە ساڵ بوو، ئەنجومەنی راسپاردن (مجلس الوصاية) کارەکانی راپەڕاند تاوەکو ئایاری 1953 کە شا (حسين بن طلال) لە تەمەنی 18 ساڵی وەك شای ئەردەن راگەیەندرا.

**دووەم/ قۆناغی سەربەخۆیی تەواو (دوای ئینتیدابی 1957 – تاکو ئێستا)**

لە ساڵی 1957 شا حسين پەیماننامەی ئوردنی – بەریتانی 1948 ی هەڵوەشاندەوە و هێزەکانی بەریتانیای وەدەرنا لە وڵاتەکەی. لە تەمموزی 1988 لێك جیابوونەوەی یاسایی و کارگێڕی راگەیاند لە نێوان ئوردن و فەلەستین، هەروەها بڕیاردرا لەسەر یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئوردن لە ساڵی 1989.

هەروەها جاڕنامەی نیشتمانیی ئەردەنی ڕاگەیاند بە ئامانجی فەراهەم کردنی فرەیی و فرە حزبی لە حوزەیرانی 1991، دواتریش بەشداری کرد لە کۆنگرەی مەدرید بۆ ئاشتی لە هەمان ساڵ کە بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسترا لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، کە تێیدا نوێنەری فەلەستین و ئەردەن بە هاوبەشی بەشداریان کرد، کە دواجار پەیماننامەی ئیسرائیلی – ئەردەنی لێکەوتەوە لە 1994 لە واشنتۆن، تێیدا هەردوو وڵات پەیوەندیەکانیان ئاسایی بۆتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە.

لە سەرەتای ساڵی 1999 شا (الحسن بن طلال) ی برای لە پۆستی جێنشین دوور خستۆتەوە، عبدالله ی کوڕی خستە شوێنی، لە شوباتی هەمان ساڵ شا حسێن بە نەخۆشی مرد، شا عبد الله بوو بە شای ئەردەن، تا ئێستاش لەسەر کورسی دەسەڵاتە، یەکێك لە کارەکانی هەموارکردنەوەی دەستوری ساڵی 1952 بوو لە ساڵی 2011 کە بە دواهەمین هەمواری دەستووری هەژمار دەکرێت لە شانشینی ئەردەنی هاشمی.

## سروشتی  سیستەمی سیاسی شانشینی ئەردەن

## پێکهاتە بەشدارەکان لە سیستەمی سیاسی

ئەم پێکهاتانەی بەشدارن لە سیستەمی سیاسی ئەردەن، ئەمانەی خوارەوەن:

1. **کلتور**: بیروباوەڕ و بەها و ئاڕاستە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵگە لە خۆ دەگرێت.
2. **بونیاد (ژێرخان):** ئەو ڕێکخستنە فەرمیانەن کە بڕیارەکان دروست دەکەن و سیفەتی پابەند بوونیان پێدەبەخشن وەك دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی ...هتد.
3. **کۆمەڵەکان (الجماعات):** واتە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووریە بەشدارەکان لە ژیانی سیاسی.
4. **سەرکردایەتی**: ئەو تاك و گروپانە دەگرێتەوە کە دەست ڕۆیشتوو کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی بڕیاری سیاسی.
5. **سیاسەتە گشتییەکان**: چالاکیە میریە (حکومیە) پلانرێژ بۆ کراوەکان دەگرێتەوە، کە کاریگەرن لە دابەشکردنی سوود و تایبەتمەندی و سزاکان (المنافع والمزایا والعقوبات).

## ژینگەی ناوەخۆیی سیستەمی سیاسی

ئەو ڕەگەزە مرۆیی و نامرۆییانە دەگرێتەوە کە لە نێو کۆمەڵگا و دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمی سیاسی وەك فاکتەرەکانی جوگرافیا، مێژوو، ئابووری، سوپا، بە شێوەیەکی بەردەوام کارلێك دەکەن لەگەڵ پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

لە چوارچێوەی ژینگەی ناوەخۆیی سیستەمی سیاسی ئەردەن باس لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی بونیادی سیستەمی سیاسی دەکەین لەم وڵاتە، ئەوانیش بریتین لە:

1- سروشتی سیستمی سیاسی
2- پەرەسەندنی باری دەستووری
3- بونیادی سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی).
4- پارتە سیاسییەکان

## 1- سروشتی سیستمی سیاسی لە وڵاتی ئەردەن:

شانشینی ئەردەن وەك دەوڵەتێکی یەکگرتووی سادە (موحدة بسيطة) پۆلێن دەکرێت، سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە لە ئیدارەدانی کاروبارە ناوەخۆیی و دەرەکیەکان، لەسەر ئاستی ناوەخۆ هەر سێ دەسەڵاتەکە، دەسەڵاتەکانی خۆیان پڕاکتیزە دەکەن پاڵپشت بە ماددەکانی دەستوور. هەروەها لە رووی سیستمی سیاسییەوە، ئەردەن بە بەراورد بە وڵاتانی تری ناوچەکە تا رادەیەکی باش سەقامگیرە.

دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی مەرکەزیەت پەیڕەو دەکەن، لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن دەسەڵاتی لا مەرکەزیەتیش بەکاردێت وەك دەرکردنی هەندێ یاسای تایبەت لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان بە گوێرەی پێداویستیەکانی هەرێم یاخود پارێزگایەکی تایبەت.

لە رووی سیستمی سیاسییەکەی هەروەك لە دەستووری وڵات هاتووە، لە جۆری پاشایەتی دەستووریی و نوێنەرایەتی، بۆماوەییە (الوراثية).

لە رووی پەیکەر و پێکهاتەوە: پاشا لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتەکان دێت، دواتر جێنشین یاخود جێگری پاشا، ئنجا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئنجا سەرۆکی هەریەك لە ئەنجومەنی ئەعیان و ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادانان دێت، دوای ئەمانیش دادگاکان و دادوەریی باڵا لە دەسەڵاتی دادوەری دێت، لەسەر بنەمای دابەشکردن و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان.

## 2- پەرەسەندنی باری دەستووری وڵاتی ئەردەن

باری دەستووری لە ئەردەن بە چەند قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕیوە، وەك سروشتی دەستووری هەر وڵاتێکی تر کۆمەڵێك فاکتەری ناوەخۆ و دەرەکی و فاکتەری زەمەنی ئەم شانشینە پاڵنەر بووە بۆ هەموار کردنەوەی بڕگە و ماددەکانی. لێرەدا ئاماژە بە چوار قۆناغی سەرەکی باری دەستووری وڵاتی ئەردەن دەدەین:

### قۆناغی یەکەم/ دەستووری ساڵی 1928 (یاسای بنەڕەتی - القانون الأساسي)

دوای 7 حەوت ساڵ لە دروستبوونی میرنشینی رۆژهەڵاتی ئەردەن، لە ساڵی 1928 ز بۆ یەکەمجار دەستورێك دانرا کە بڕگەکانی لە پەیماننامەی بەریتانی - ئوردنی سەپێنراو بەسەر ئەم میرنشینە وەرگیرا بوون، هەروەك لە ماددەی دووەمی ئەم دەستوورە هاتبوو کە یاسایەکی بنەڕەتیە تێیدا حکومەتی بەریتانی واز لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەهێنێت بۆ ئەمیر عبداللە کوڕی حسێن، وە رێگە دەدات بە خۆی و ئەوەی لە دوای خۆی دەبێتە دەسەڵاتدار لە بنەماڵەکەی، دەسەڵاتە یاسایی و ئیدارییەکانی خۆیان بەکار بهێنن، هەروەها بە گوێرەی ئەو یاسا بنەڕەتیە ئەمیر دەسەڵاتی دانانی سەرۆك وەزیران و لابردنی پێدرا، هەروەها پێکهێنانی ئەنجومەنێکی یاسادانان کە سەرۆك وەزیران سەرۆکایەتی بکات، هەرەوها سەرۆك و وەزیرەکانیشی ئەندام دەبن لە ئەنجومەنەکە. وە بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی دا بە ئەمیر عبداللە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە نێو ئەم ئەنجومەنە، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەشی پێدرا، بۆیە بە گوێرەی ئەم دەسەڵاتەی کە پێی درا بوو لە نێوان 1929-1947 پێنج ئەنجومەنی یاسادانان پێکهێنرا، ئەوانیش ئەنجومەنی یاسادانانی یەکەم (1929-1931)، وە ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم (1931-1934)، وە ئەنجومەنی یاسادانانی سێیەم (1934-1937)، ئەنجومەنی یاسادانانی چوارەم (1937-1942)، ئەنجومەنی یاسادانانی پێنجەم (1942-1947).

وە لە حوزەیرانی 1928 یەکەم یاسای هەڵبژاردن دانرا و بە گوێرەی یاساکە میرنشینی رۆژهەڵات کرا بە چوار ناوچەی هەڵبژاردن.

## قۆناغی دووەم/ دەستووری ساڵی 1947

دوای ئەوەی ئوردن سەربەخۆیی خۆی وەرگرت لە ساڵی 1946[1]، پێویستی دەکرد شا عبداللە دەستورێك دابنێت بۆ وڵاتەکەی کە شوێنی یاسا بنەڕەتیەکە بگرێتەوە، بۆیە لە گۆڤاری فەرمی ئوردن کۆمەڵێك هەموار و بڕگەی نوێ خرایە سەر یاساکە لە شێوەی دەستورێك بڵاوکرایەوە، بەم شێوەیە:

- سیستمی حوکمڕانی لە شانشینی ئوردن پاشایەتی بۆماوەییە (وراثي) نوێنەرایەتیە و شانشین دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە.
- ئەنجومەنی یاسادانان گۆڕا بۆ ئەنجومەنی گەل، کەوتە ژێر دەسەڵاتی پاشا، کە پێکهاتبوو لە هەریەك لە ئەنجومەنی نوێنەران کە ژمارەی ئەندامانی (20) ئەندام بوون چوار ساڵ جارێك دادەنران هەروەها ئەنجومەنی ئەعیان (پیران) کە ژمارەی ئەندامانی نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پێشوو بوو، لەلایەن پاشاوە دادەنران بۆ ماوەی هەشت ساڵ، لە کاتێکدا لە دەستووری 1928 لە ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەندام بوون لە ئەنجومەنی یاسادانان.
- بەگوێرەی ئەم دەستورە، دەسەڵاتی یاسادانان بوو بە چاودێر بەسەر کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەڵام وەزارەتەکان لێپرسراو نەبوون بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران.
- دەسەڵاتی بەستنی پەیماننامەی دەرەکی دا بە ئەنجومەنی وەزیران دوای ڕەزامەندی پاشا، لە کاتێکدا لە دەستووری 1928 ئەمە تەنها لە دەسەڵاتی پادشا دا بوو.

---

[1] ئەم سەربەخۆییە بە تەواوەتی نەبوو، هەروەك لە مێژووی دروست بوونی ئاماژەی پێدرا، سەربەخۆیی تەواوەتی لە دوای ساڵی 1957 دەست پێدەکات کاتێك شا حسێن هێزەکانی بەریتانیای لە ئوردن ناچار کرد شانشینەکەی جێ بهێڵن.

## قۆناغی سێیەم/ دەستووری ساڵی 1952

ئـەم دەسـتووره لـە 1952/1/1 دەرچـوو، بـەگوێرەی مـاددەی یەکـەمی دەسـتوورەکە شانشینی ئوردن وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری دابەش نەبووە، گەلی ئوردن بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەستوورە:

1- کـارکردن بـە پرەنسـیپی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان، بـە جۆرێـك دەسـەڵاتی جێبەجێکردن پەیوەست کرا بە پاشا و ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی یاسادانان پەیوەست کرا بە پاشا و ئەنجومەنی گەل، دەسەڵاتی دادوەریش بوو بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نا پەیوەست بە دوو دەسەڵاتەکەی تر.

2- دووپاتکردنەوە لەسەر ناسنامەی عەرەب بوونی شانشینی ئوردن.

3- کارکردن بە پرەنسیپی سەروەری گەل کە لە ماددەی (24)ی دەستورەکەدا هاتبوو، گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.

4- پـەیڕەوکردنی سیسـتمی پەرلـەمانی نوێنەرایـەتی: کـە تیایـدا ئەنجومـەنی نوێنـەران لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، هـەروەها وەزارەتـەکان لێپرسـراو دەبن بەرامبـەر هـەردوو ئەنجومەنەکـەی دەسـەڵاتی یاسـادانان، وە بـۆی هەیـە لـە وەزیرەکـان بسـەنێتەوە، لـە بەرامبەردا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆی هەبوو ئەنجومەنی گەل هەڵبوەشێنێتەوە.

5- رێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە مافی ئاسایش، مۆڵکدارێتی، ئازادی ڕا لە چوارچێوەی یاسا، مافی خوێندن، ئازادی کۆبوونەوە و پێکهێنانی حزبی سیاسی..هتد.

6- یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیانی ئوردن بەرامبەر یاسا بەبێ گوێدانە جیاوازی لە ئاین و زمان و رەگەز.

7- پێکهێنـانی دیوانی چاودێری بۆ چاودێری کردنـی داهـاتی گشـتی و خـەرجیەکانی حکومەت و چۆنیەتی خەرج کردنیان.

8- روونکردنـەوەی میکـانیزم و رێکارەکـانی هـەموارکردنی دەسـتووری 1952 بـەم شێوەیە: أ-دەنگدانی ئەنجومەنی گەل بە ئاشکرا بێت.

ب- پێویستە هەموارەکە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی گەل بەدەست بهێنێت.

ج- دەبێت هەموارەکە لەلایەن پاشا پەسەند بکرێت، بە پێچەوانەوە رەتدەکرێتەوە.

راڤەکردنی دەستوور: بە گوێرەی دەستوری 1952، ماف راڤەکردنی دەستوور دەدرێت بە ئەنجومەنی باڵا، بەڵام دەبێت بە بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران یان زۆرینەی یەکێك لە دوو ئەنجومەنەکەی پیران و هەشت ئەندام، سێیان لەلایەن ئەنجومەنی پیران دادەنرێن، پێنج ئەندامەکەی تر دەبێت دادوەر بن لە دادگای باڵای وڵات. ئەم ئەنجومەنە دواتر گۆڕا بۆ دادگای دەستووری لە سەردەمی شا عبداللە دووەم.

لە سەردەمی شا حسێن ئەم دەستوورە 9 نۆ جار هەموارکردنەوەی تێدا ئەنجامدرا کە کاریگەری لەسەر 24 لە ماددەکانی هەبوو، وە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەست بوو بە فراوان کردنی دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن و کەمکردنەوەی دەسەلاتی یاسادانان، بۆ نمونە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسای کاتی لە ئامادە نەبوونی پاشا...هتد.

هەروەها لە ساڵی 1967، کاتێك ئیسرائیل کەناراوەکانی رۆژئاوای داگیر کرد، چەند بڕگە و ماددەیەکی دەستووری 1952 هەموار کران، ئەمەش جێگەی ناڕەزایەتی بوو.

## قۆناغی چوارەم/ هەمواری ساڵی 2011

لە ساڵی 2011، لە میانەی بەهاری عەرەبی، ناڕەزایەتییەکان زیاتر بوون و داوا دەکرا هەموارەکانی 1967 هەڵبوەشێتەوە و دەستووری 1952 بگەڕێتەوە، بۆیە لە ژێر ئەم گوشارانە و هەندێك هۆکاری تر شا عبداللە ی دووەم بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هەمواركردنی دەستوور کە پێکهات بوو لە چەند وەزیرێکی پێشوو، سەرۆکی هەریەك لە ئەنجومەنی نوێنەران و پیران، وە هەموارەکان زیارت پەیوەندی هەبوو بە فراوان بوونی کردنەوەی سنووری دەسەلاتەکانی پەرلەمان، هەروەها ماف هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان کە بە ئەنجومەنی وەزیران درا بوو لێی سەنرایەوە، هەروەها یەکێك لە هەموارەکان پێکهێنانی دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بوو، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی باڵای راڤەکردنی دەستوری هەڵوەشاندەوە، لە شوێنی ئەو دادگای دەستوری پێکهێنرا، ئەگەرچی بە گوێرەی ئەم هەموارە دەسەلاتەکانی پاشا وەك خۆی مایەوە، بەڵام سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، ئەم دەستورە دەسەلاتەکانی پاشای سنووردار کرد.

## 3- بونیادی سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت (جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەریی):

### یەکەم/ دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە شانشینی هاشمی ئەردەنی لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی دانراوە، ئەوانیش:

1- پاشا

2- ئەنجومەنی وەزیران

**1- پاشا**: لە ڕێگەی وەزیرەکانەوە دەسەڵاتەکانی خۆی لە ژێر سایەی دەستوردا پیادە دەکات و لە هەموو بەر پرسیاریەتێك پارێزراوە. هەروەها بڕیاری گرنگ و دەسەڵات و بڕیارە راستەقینەییە دەستورییەکان دەدات کە هیچ سەرۆك وەزیرانێك ناتوانێت کێبڕکێی لەگەڵدا بکات.

به هۆی گرنگی پێگەی پاشا لە سیستمی سیاسی ئەردەندا، لە ماددەی 28 ی دەستوور ئاماژە بەوە دەدات کە تەختی شانشینی ئەردەنی لە بنەماڵەی شا عبدالله کوڕی حسێن میراتی پاشا لە منداڵانی کوڕ دەست نیشان دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە کە لە ماددەی 28 دەستوور ئەردەنی هاتووە:

(دەسەڵاتی پاشا دەگوازرێتەوە بۆ کوڕە گەورەکەی و پاشان بۆ کوڕی گەورەی ئەو کوڕە گەورەیە، ئەگەر کوڕە گەورەکە بمرێت پێش شەوەی دەسەڵاتی پاشا بگرێتە دەست، ئەوا فەرمانەکە بۆ گەورەترین کوڕەکانیەتی، ئەگەرچی مردووەکە برای هەبێت، بەلام پاشا بۆ مامەکان و نەوەکانیان دەگوازرێتەوە بە رەچاوکردنی تەمەن. لە حاڵەتێکدا کە پاشا تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت، ئەنجومەنی وەزیران دوای سەلماندنی ئەوە، بڕیار دەدات تەختی شاهانە بگوازێتەوە بۆ کەسی شیاو بە پێی ئەم ریزبەندییەی باشکرا، بەلام ئەگەر پاشا بە بێ هیچ میراتگرێك بمرێت، ئەنجومەنی گەل ئەو کەسە هەڵیدەبژێرێت کە فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست لە بنەماڵەی حسێن کوڕی عەلی).

## مەرجەکانی بوون بە پاشا

دەبێت موسڵمان بێت، عاقڵ بێت، لە دایك و باوکێکی موسڵمان، لە دایکێکی شەرعی بێت، دەبێت هەژدە ساڵ تەمەنی تەواو کرد بێت. وە ئەگەر بکرێت بە پاشا پێش تەواو کردنی 18 ساڵ، دەسەڵاتەکانی لە لایەن راسپاردەی عەرش یان ئەنجومەنی راسپاردە (وصي العرش أو مجلس الوصاية) پڕاکتیك دەکات کە لە لایەن ئەنجومەن وەزیران دیاری دەکرێت.

## دەسەڵاتەکانی پاشا

دەسەڵاتە ئیداری و سیاسییەکانی پاشا لە شانشینی ئەردەن بریتین لە:

1- دەستنیشانکردن و لە کارلابردنی سەرۆك وەزیران و پەسەندکردنی دەست لە کارکێشانەوەیان لەسەر راسپاردە و داواکاری سەرۆك وەزیران.

2- دانان و دوورخستنەوەی گەورە بەرپرسان، دانان و لادانی دادوەرە گەورەکانی دادگا.

3- فەرماندەی باڵای هێزە سەربازییە جۆر بە جۆرەکانی وشکانی و ئاسمانی و دەیایی و ماف راگەیاندنی جەنگ و ئاشتی.

4- بەستنی پەیماننامە و رێکەوتنەکان.

5- دامەزراندن و بەخشینی پلەی مەدەنی و سەربازی، وە مەدالیا و نازناوەکانی تری شەرەف.

## کۆت و بەندی دەسەڵاتی پاشا:

سەبارەت بەو کۆت و بەندانەی کە دەسەڵاتی پاشا سنوردار دەکەن، ئەوەی راستیە کە دەستووری ئەردەن گرنگیەکی ئەوتۆی بەم بابەتە نەداوە. واتە هیچ سنوردار کردنێکی راستەقینە نیە بۆ دەسەڵاتەکانی پاشا جگە لەو رێککەوتنامە و پەیماننامانە نەبێت کە ئەرك دەخاتە سەر خەرجیە داراییەکانی خەزێنەی دەوڵەت، یان کاریگەری دەبێت لەسەر کاروباری گشتی و تایبەتی هاوڵاتیانی ئەردەنی، بۆ ئەمە دەستوور مەرجێکی داناوە کە

دەبێت لە لایەن ئەنجومەنی گەلەوە پەسەند بکرێت بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردن.

## جێنشین (ولي العهد)

لە دەستووری ئەردەن تەنها یەکجار وشەی شازادەی جێنشین هاتووە لە ماددەی 28 هەروەك لەسەرەوە باسی لێوەکراوە، بۆیە لە دەستووردا هیچ دەسەڵاتێکی جێنشین باسنەکراوە، بۆیە تەنها لەم حاڵەتانە دەسەڵات دەگرێتە دەست:

1- لە حاڵەتی غیابی پاشا لە وڵات بە هۆی باری لە ناکاو بێت یاخود لە گەشت بێت بۆ وڵاتانی دەرەوە. پاشا جێگرەوەیەك بۆ خۆی دیاری دەکات، مەرجیش نیە جێنشین بێت.

2- لە حاڵەتێك پاشا نەتوانێت پڕاکتیزی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی بکات بە هۆی نەخۆشی یان هەر هۆکارێکی تر بێت. لێرەدا بە فەرمانێکی شاهانە جێگرەوەیەك یاخود دەستەیەکی جێگرەوە (هيئة نيابية) دیاری دەکات. لە حاڵەتێك پاشا توانای نەبێت بڕیار لەسەر ئەم دەستنیشان کردنە بدات ئەوا ئەنجومەنی وەزیران بەم کارە هەڵدەستێت. هەروەك ئەوەی لە ساڵی 1999 روویدا کاتێك شا حسێن بە هۆی نەخۆشیەوە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا کە پاشا ناتوانێت دەسەڵاتە دەستوورییەکانی پڕاکتیك بکات بۆیە شا عبداللە ی کوڕی دیاریکرد بۆ گرتنە دەستی تەواوی دەسەڵاتەکانی پاشای وڵات.

## 2- ئەنجومەنی وەزیران

پایە و کۆڵەگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە شانشینی ئەردەنی بریتیە لە ئەنجومەنی وەزیران، کە هەریەکە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی حکومەت لە خۆ دەگرێت، هەروەك لە ماددەی (41)ی دەستووری وڵات هاتووە دامەزراندنی وەزیرەکان لە لایەن پاشا لەسەر راسپاردە و بە ئاگایی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، هەروەها ژمارەی وەزارەت و وەزیرەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی و پێویستی دەبێت لە هەر کابینەیەکی دیاریکراودا، هەر وەزیرێکیش بەرپرس دەبێت لە کاروباری تایبەت بە

وەزارەتەکەی خۆی، ئەم ئەنجومەنە کارەکانی تایبەت بە ڕێنمایی و پەیڕەو یاساکان بە هاوبەشی و بە پشت بەستن بە یاساکانی ئەنجومەنی گەل (پەرلەمان) دەبێت، چونکە یاساکانی پەرلەمان لە پلەیەکی بەرزتردان لە هەمان کاتدا.

**سەبارەت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کەسی دەستنیشانکراو بۆ ئەم پۆستە بە گوێرەی فەرمانە دەستوورییەکان چەند حوکمێك دەیگرێتەوە، لەمانە:**

1. پێویستە بە ڕەگەز ئەرەدەنی بێت.
2. لەبەردەم پاشا سوێندی یاسایی بخوات
3. بۆ هەر وەزیرێك هەیە زیاتر لە وەزارەتێك بگرێتە دەست لە یەك کاتدا.
4. دروستە سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی بەشدار لە حکومەت ببن بە ئەندام لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران، هەروەها ماف دەنگدان و قسەکردنیان دەبێت.
5. لە بەرامبەردا ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران متمانە لە حکومەت یان وەزارەتێکی دیاریکراو بسەنێتەوە، ئەوا پێویستە دەست لەکار بکێشیتەوە.
6. دەبێت حکومەت و وەزارەتەکانی بەشدار لە حکومەت بەرنامەی کاری خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە مانگێك تێپەڕ نەکات.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران

**ئەنجومەنی وەزیران لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کۆمەڵێك دەسەڵاتی هەیە لە گرنگترینیان:**

1- بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کاروباری گشتی دەوڵەت لەسەر هەردوو ئاستی ناوەخۆ و دەرەکی.

2- پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ پادشا، وە بەرپرسیار بوون بەرامبەر ئەنجومەنی گەل (پەرلەمان) لە بری پاشا، بە گوێرەی ئەو بنەما و پرەنسیپانەی کە لە دەستوور و یاساکانی تری وڵاتدا بڕیاری لەسەر دراوە.

3– داواکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی و چاودێریکردن و راگەیاندنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن.

4– سەرپەرشتی کردنی سەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی و چاودێری کردنیان.

5– دانانی پلانە ئابوورییەکان و ئامادەکردنی ئەو پڕۆژانەی کە سوودیان دەبێت بۆ ئابووری نیشتمانی وڵاتی ئەردەن.

6– دەسەڵاتی دامەزراندنی فەرمانبەرانی ئاسایی و لەکار لابردنیان هەیە، هەروەها بە ئەرکی دابینکردنی مافە وەزیفیەکانیان هەڵدەستێت.

7– دەسەڵاتی دانانی میزانیەی گشتی دەوڵەتیان هەیە.

8– دارشتنی رێنمایی و پەیڕەو پڕۆژە یاساکان لە سنووری دەسەڵاتەکانیدا، هەروەها پێشنیازکردنی هەموار کردنەوەیان.

9– دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە لە رێگەی راپرسی و داواکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بە تایبەتی لە حاڵەتانە روو دەدەن کە نەسازان هەیە لە نێوان ئەنجومەنی گەل (پەرلەمان) و ئەنجومەنی وەزیران (حکومەت) یاخود ئەنجومەنی گەل متمانە لە حکومەت دەسێنێتەوە.

جێگەی ئامارژە پێکردنە، یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەرکار (نافذ) دەبێت، جگە لەو بڕیارانەی کە پێویستی بە رەزامەندی پادشا هەیە هەروەك پێشتر باسمان کردووە، لەم حاڵەتانەدا بۆ پادشا بەرز دەکرێنەوە بە مەبەستی پەسەند کردنیان بە گوێرەی ئالیەت و رێکارە یاسایی و دەستوویەکانی شانشینی ئەردەنی، دواتریش جێبەجێ دەکرێن لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەن و وەزارەتەکان هەر یەکە و لە سنووری پسپۆریەکانیان.

**سەبارەت بە ئەرکەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانین ئاماژە بە چەند ئەرکێکی گرنگ بدەین لەمانە:**

1- بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران کە سەرۆك وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام لە ئامادەبوونی پاشای وڵات ئەوا خۆی دانیشتنەکانی ئەنجومەن دەگرێتە دەست هاوشێوەی وڵاتی سعودیە.

2- ڕێکخستنی کاروباری وەزارەتەکان و چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و بەرگری لێکردنیان لە بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب).

لە بەرامبەر ئەوەدا بە گشتی بەر پرسیارەتی وەزیرەکان بریتی دەبێت لە بە جێگەیاندنی ئەرکەکانیان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتانەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان لەبارەوە دەدات. چونکە سەبارەت بە سیاسەتی گشتی دەوڵەت بە تەواوەتی (ئەنجومەنی وەزیران) بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران، هەروەك لە ماددەی (51) ی دەستووری ئەردەن هاتووە.

**دووەم/ دەسەڵاتی یاسادانان:**

لە ماددەی (24) دەستووری شانشینی ئەردەن هاتووە: " گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکات بەو شێوەیەی لە دەستوور هاتووە".

دەسەڵاتی یاسادانان لە وڵاتی ئەردەن سپاردراوە بە پاشا و ئەنجومەنی نیشتمانی (گەل). لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، ئەوانیش ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانن (ئەعیان).

**بە شێوەیەکی گشتی ئەنجومەنی گەل دوو وەزیفە و ئەرکی سەرەکی هەیە ئەوانیش:**

1- **وەزیفەی یاسادانان:** بەگوێرەی دەستوور، هەر پرۆژە یاسایەك کە لەلایەن سەرۆك وەزیران پێشنیار دەکرێت دەبێت بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردن

یان هەموار کردنەوە یاخود رەتکردنەوەی، بەڵام لە هەموو بارودۆخێك دەبێت پڕۆژە یاساکە بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی پیران، چونکە هیچ یاسایەك دەرناچێت تا هەردوو ئەنجومەنەکەی پەرلەمان دانی پیا نەنێت و پاشا پەسەندی نەکات.

2- **وەزیفەی چاودێریکردن**: بەو واتایەی گەل چاودێری کاروبارەکانی حکومەت دەکات لە رێگەی ئاراستەکردنی پرسیار و لێپرسینەوە و داواکردنی روونکردنەوە لە وەزارەتەکان، هەروەها پێویستە پەرلەمان هەموو ساڵێك رەزامەندی دەربڕێت لەسەر بودجەی گشتیی (الموازنة العامة) دەوڵەت، دوای گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای بودجە و خستنە دەنگدانی بڕگە بە بڕگەی یاساکە.

سەبارەت بە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان، لەبەرئەوەی پاشا دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، دەتوانێت داوای دانیشتنی ئاسایی بکات لە ئەنجومەنی گەل، هەروەها دەتوانێت دانیشتنەکانی دوا بخات بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە دوو مانگ، دوای ئەم ماوەیە ئەنجومەن بۆی هەیە ئۆتۆماتیکی (تلقائی) دانیشتنی خۆی ئەنجام بدات، هەروەها پاشا مافی هەڵوەشاندنەوەی هەر یەك لە ئەنجومەنی پیران و نوێنەرانی هەیە، هەروەك دەسەڵاتی لە کار لابردن و دوور خستنەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی هەیە.

**<u>بەگشتی پەرلەمان لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، ئەوانیش:</u>**

1- **ئەنجومەنی پیران (مجلس الأعیان)**: ئەنجومەنێکە لە لایەن بە سەرۆکەکەشیەوە، لە نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێن، وە راستەوخۆ لەلایەن پاشاوە هەشت ساڵ جارێك هەڵدەبژێردێن لە چوارچێوەی ئەم مەرجانەی دەستور دیاری کردووە. هەریەك لە سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوەخۆ ئیمزا لەسەر فەرمانی دامەزراندنەکە دەکەن. ئەو کەسەی دەبێت بە ئەندام پێویستە ئەم مەرجانەی تیا بێت:

- دەبێت لە سەروو تەمەنی 40 چل ساڵی بن.
- دەبێت بە رەگەز ئەردەنی بن.

- یەکێك لەم چینانە بێت (سەرۆك وەزیر یان وەزیرانی پێشوو، یان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو، یاخود دادوەر بێت لە دادگای پێداچوونەوە یان تێهەڵچوونەوە – محكمة التميز أو محكمة الاستئناف–)، یاخود ئەفسەران بە پلەی لیوا بەرەو ژوور، یان لە پۆستێکی باڵا خزمەتی کرد بێت.
- نابێت پێشتر حوکم درا بێت بە هۆی تاوانی گەورە یاخو بچووك (جنح أو جناية).
- نابێت لە ساتی ئەندامیەتی لە ئەرکی وەزیفەیەکی تری میریدا بێت.

**2- ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب):** ئەم ئەنجومەنە لە ئەندامانی هەڵبژێردراو پێکدێت، چوار ساڵ جارێك لەلایەن گەل بە شێوەیەکی نهێنی و راستەوخۆ بە هەڵبژاردنێکی گشتی بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنەکانی وڵات دەبن بە ئەندامی ئەنجومەن. سەبارەت بە مەرجەکانی بە ئەندام بوون زۆربەی مەرجەکانی ئەنجومەنی پیرانیان لەسەر جێبەجێ دەبێت جگە لە مەرجی تەمەن، کە دەبێت (30) ساڵیان تێپەڕ کردبێت.

لە راستیدا دیاریکردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پیران راستەوخۆ لە لایەن پاشا کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە، هەندێجار دەبێتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی و گرفت بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە ئەم دەسەڵاتە فراوانەی ئەنجومەنی پیران کاریگەری دەبێت لەسەر هەندێ لەو پڕۆژە یاسایانەی کە بە گوێرەی دەستوور پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە هەیە، لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی نوێنەران ناتوانێت تێیان پەڕێنێت مەگەر بە رەزامەندی ئەنجومەنی پیران نەبێت، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی پیرانیش گرنگی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە کەسانی شارەزا و لێهاتوو خاوەن ئەزموون لەو بوارانەی کە ئەنجومەنی گەل پێویستی پێی هەیە پێکدێت.

## سێیەم/ دەسەڵاتی دادوەریی

بەگوێرەی دەستووری ئەردەن، دەسەڵاتی دادوەریی لەم وڵاتە سەربەخۆیە، هیچ دەسەڵاتێك لەسەرووی ئەوەوە نیە جگە لە دەسەڵاتی یاسا، دادگاکان بە جیاوازی جۆر و پلەکانیان کارەکانی ئەم دامەزراوەیە رادەپەڕێنن، هەروەها بە گوێرەی ماددەی (97)ی دەستوور، بڕیارەکان تێیدا بە پێی یاسا بەناوی پاشا دەردەچن.

دەسەڵاتی دادوەری لە ئەردەن لەسەر چەند پرەنسیپێك وەستاوە لە گرنگترینیان:

1- **سەربەخۆیی بوون**: واتا دەست تێوەرنەدان لە کاروباری دادگاکان.

2- **یەکسانی**: ئەردەنیەکان یەکسانن لە بەرامبەر دادوەریی، هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.

3- **دادبینی بێبەرامبەرە**: واتا هاوڵاتی کاتێك پەنا دەبات بۆ دادوەیی، کرێی دادبینی نادات، هەروەها دادوەرەکان مووچەی خۆیان لە دەوڵەت وەردەگرن.

4- **ئاشکرایی دانیشتنەکان**: دادنیشتنەکانی دادوەریی بە ئاشکرایی ئەنجام دەدرێن، بە مەرجێك جۆری دادبینەکە پێویست نەکات کە بە نهێنی ئەنجام بدرێت، ئەمەش گرەنتی چاودێری میللی دەکات بەسەر ئەم دەسەڵاتە و ئارامی دەدات بە خاوەن کەیسەکان.

5- **دادبینی بە دوو پلە دەبێت**: واتا هەر کاتێك دەستەیەك یان کەسێك کە ئەو فەرمانەی لەسەر کەیسەکەی دراوە لە بەرژەوەندی خۆی نەیبینێتەوە، دەتوانێت ناکۆکیەکە بباتە بەردەم دادگایەکی پلە باڵاتر بۆ بڕیاردان لە بارەیەوە، ئەمەش گرەنتی بەدیهێنانی دادپەروەری و دەستپاکی دەکات.

**دادوەری لە شانشینی ئەردەن دابەش دەبێت بە سەر سێ جۆر لە دادگاکان ئەمانیش:**

**یەکەم/ دادگا نیزامیەکان**: ئەو دادگایە کە تایبەتە بە دادبینی لە کەیسەکانی شارستانی و تاوان (المدنية والجزائية)، ئەم داوایانە دەگرێتەوە کە حکومەت پێشکەشی دادگای دەکات یان ئەو داوایانەی دژی حکومەت جوڵێنراوە، جگە لەو کەیسانەی کە دەستوور

یان یاسایەکی بەرکار هەڵوێری کردوون. دادگا نیزامیەکان هەریەك لە دادگا پلە یەك و دادگی تێهەڵچوونەوە، دادگای باڵای کارگێری لە خۆ دەگرێت.

**دووەم/ دادگا ئایینیەکان**: ئەو دادگایانەن کە دەڕواننە پرسە ئایینیەکان و پرسی باری شارستانی شوێنکەوتوانیان.

دادگا ئاینیەکان دابەش دەبن بەسەر هەریەك لە دادگای شەرعی کە تایبەتە بە موسڵمانان و پرسەکانی پەیوەند بە باری شارستانی بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام بڕیاریان لە بارەیەوە دەدرێت، هەروەها دادگای تایەفەکان: کە دەڕوانێتە کەیسی پەیوەست بە باری شارستانی ئاین و مەزهەبەکانی تر جگە لە ئیسلام کە لە لایەن وڵاتی ئەردەن دانی پێدانراوە وەك ئەرسۆدۆکسی و کاسۆلیکی و ئەرمەنی....هتد.

**سێیەم/ دادگا تایبەتەکان**: تایبەتە بە هەریەك لە دادگای باجی دەرامەت و دادگای شارەوانی و دادگای سەربازی کە دەڕوانێتە پرسی سەربازەکان، هەروەها پۆلیس کە دەڕوانێتە پرسەکانی تایبەت بە ئاسایشی گشتی و بەرگری شارستانی.

**دادگای دەستووری (المحكمة الدستورية)**

باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە وڵات، دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە، بە پێی هەمواری دەستوریی 2011 لە ئەردەن دامەزراوە، کە تایبەتە بە چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، هەروەها ڕاڤەکردنی ماددە دەستوریەکان لە ڕووی دارایی و کارگێڕی تەواو سەربەخۆیە.

## 4- سیستمی حزبی

ماددەی (16) لە دەستوور ماف بە ئەردەنیەکان داوە بە پێکهێنانی پارت و کۆمەڵە سیاسییەکان، بە مەرجێك ئامانجەکانیان ڕەوا بێت و ئامڕازەکانیان ئاشتیانە بێت و پەیڕەوی حزبیان دژ بە بڕیارەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکانی وڵات نەبێت. لێرەدا دەتوانین سیستمی حزبی دابەشی سەر سێ قۆناغ بکەین بەم شێوەیە:

## یەکەم/ قۆناغی ئینیداب 1921–1946

پارتە سیاسییە ئوردنیەکان لەم ماوەیەدا سروشتێکی خێڵەکیان هەبوو، ئامانجەکانیان زیارت کلتوری و کەسێتی بوون، ئەزموونی پارتایەتی تەمەن درێژ نەبوون، بەرەو هەڵوەشانەوە چوون و زۆری نەخایاند، لە نمونەی پارتەکانی سەردەمی ئینتیداب: پارتی گەلی ئوردنی (1927)، پارتی کرێکارانی ئوردنی (1932)، پارتی برایەتی ئوردنی (1937)، وە چەند پارتێکی تر.

سروشتی سیستمی حزبی لەم قۆناغەدا:

- زۆربەی پارتەکان لەم قۆناغەدا دیدگایەکی سیاسی گشتگیریان نەبوو.
- پڕۆگرامێکی سیاسی دیاریکراویان نەبوو، بە گشتی پارتی شۆڕشگێڕ نەبوون.
- ئامانجیان گەیشتن بە دەسەڵات نەبوو، واتە پڕۆگرامی سیاسییان نەبوو.
- تەنها داوایان هەبوو لە دەسەڵات، واتە لە سەندیکاکان نزیکتر بوون نەوەك پارتی سیاسی.

## دووەم/ قۆناغی سەربەخۆیی 1946 – 1957

لەم قۆناغەدا سیستمی حیزبی لە ئەردەن قۆناغێکی تری بەخۆیەوە بینی، لە ڕووی سەرهەڵدانی پارتی ئایدیۆلۆژیی خاوەن ئاڕاستەی فیکری کۆمۆنیستی و ناسیۆنالیزمی و ئیسلامی، ئەمەش بە هۆی ئەم وەرچەرخانە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیانە بوو کە لە ڕووی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی و کلتوری، دەوروبەری وڵاتی ئەردەنی گرتەوە، لە گرنگترینیان کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەم وڵاتە بریتی بوو لە:

- ڕاگەیاندنی یەکێتی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای فەلەستین و ڕۆژهەڵاتی ئەردەن (الضفة الغربية والشرقية)، ئەمەش هاوسۆزی دروستکرد بۆ پرسی دەوڵەتی فەلەستین، هەروەها بووە هۆی زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی دانیشتووانی ئەردەن بە ئەندازەی دوو بەرامبەر، لە هەمان کاتدا کەسانی شارەزا و لێهاتووش لە فەلەستینیەکان هاتنە پاڵ پڕۆسەی بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی لە ئەردەن.

- لە ساڵی 1952 دەستوری ئەردەن دەرچوو، ڕێگەیدا بە دامەزراندنی پارتە سیاسییەکان، ئەمەش کاریگەری کلتوری نوخبەی سیاسی لەسەر هۆشیاری دانیشتووانی ئەردەن زیاتر کرد، بە تایبەت ئەوەە پەیوەست بوو بە بیرۆکەی بەشداری سیاسی.
- یەکێکی تر لەم ڕووداوانەی کە کاریگەری هەبوو لەسەر ژیانی حیزبی لەم ماوەیەدا بریتی بوو لە دیارکەوتن و پەرەسەندنی هزری ناسیۆنالیستی کە لە وڵاتی میسر لە لایەن (جمال عبد الناصر) برەوی پێدەدرا، بە تایبەت دوای هێرشە سێ قۆڵیەکەی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر و خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس لە لایەن میسر.
- دیارترین پارتە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە حیزب بەعسی عەرەبی ناسیۆنالیستی (1950)، پارتی نیشتمانی سۆشیالیستی ئەردەنی (1954)، یەکێتی نیشتمانی (1952)، کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لقی ئەردەن (1946)، پارتی کۆمۆنیستی ئەردەنی (1951)، پارتی ڕزگاری ئیسلامی قودس (1952) و چەند پارتێکی تر.

پارتە سیاسیەکانی ئەردەن لەم قۆناغەدا، بەهۆی ئەوەی کە خاوەن چەند ئایدیۆلۆژایەکی جیاواز بوون وەك کۆمۆنیستی و ناسیۆنالیستی و ئیسلامی، تا رادەیەك لیبڕاڵی، هەروەها زۆربەیان درێژکراوەی کۆمەڵێك پارت بوون لە دەرەوەی سنوری وڵاتی ئەردەن، لە پاڵ ئەمەشدا پەیوەندی هیزری و کۆمەکی و داراییان لە دەرەوەی ئەردەن بۆ دەهات، بۆیە فاکتەرێکی گرنگی بزاڤی سیاسیان پێکهێنا بوو لەم وڵاتە کە زۆربەی جار جێگەی نیگەرانی دەسەڵاتی سیاسی بوون، وەك هەڕەشە و ئەجێندایەکی دەرەکی بۆ سەر سیستمی سیاسی وڵات سەیر دەکران، بە تایبەت دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی نوێنەران لە ئەردەن لە ساڵی 1956 توانیان (17) کورسی پەرلەمانی بێنن لە کۆی (40) کورسی لە

پەرلەمانی ئەردەن، ئەمەش وایکرد کە کاری حیزبی زۆربەی پارتە سیاسییە ئایدیۆلۆژیەکان جگە لە ئیخوان موسلمین لە ماوەی نێوان ساڵانی 1957 – 1992 بچێتە قۆناغی نهێنیەوە، بە هۆی دەرچوونی یاسای نەهێشتنی شیوعیەت (قانون مكافحة الشيوعية)، بە مەبەستی رێگریکردن لە چالاکی پارتە سیاسییەکان لەم ماوەیەدا بە تایبەتی دوای ئەم پشێویانەی روویدا لە دەرەنجامی کودەتای 1956، بۆیە لە نیسانی 1957 شا حسێن داوای لە حکومەت کرد دەست لە کار بکێشێتەوە.

**پاساوەکانی حکومەت بۆ قەدەغەکردنی کاری حیزبی لە نێوان 1957 – 1989**

- هەوڵی بەشێك لە پارەتە سیاسییەکان بۆ کودەتا و گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی وڵات، وەك هەوڵی پارتی ناسیۆنالیستەکانی عەرەب بۆ کۆنترۆڵکردنی سوپا و شۆڕش کردن، هەروەها پەیوەندی پارتی بەعسی سۆشیالیستی لەگەڵ هاوبیرەکانی لە دەرەوەی ئەردەن بە تایبەتی سوریا. ئەمەش سەرپێچی کردنێکی ئاشکرایە بۆ دەستوری وڵات، چونکە پارتە سیاسییەکان بە گوێرەی دەستور دامەزرا بوون و سیستمی حوکمڕانیش بە گوێرەی دەستوور پاشایەتی نوێنەرایەتی بۆماوەییە.
- نانەوەی ناکۆکی و پشێوی لە زۆربەی ناوچەکانی شانشینی ئەردەن، لە رێگەی خستنەڕووی هزر و بیرۆکەی دژ بە حکومەت، وەك داواکردنیان بۆ گێڕانەوەی حکومەتی سلێمان نابلوسی کە لە ساڵی 1957 دەستی لەکار کێشابووەوە.
- هەندێك لە پارتە سیاسییەکان بە نهێنی کاریان دەکرد لەگەڵ لایەنی دەرەکی پەیوەندییان هەبوو کۆمەکی داراییان لە دەرەوە بۆ دەهات وەك پارتی کۆمۆنیستی ئەردەنی کە لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی کۆمەکیان بۆ دەهات بۆ بلاوکراوە و چاپەمەنیەکان و بلاوکردنەوەی هزری کۆمۆنیستی.

## قۆناغی دوای ساڵی 1989

لە نیسانی 1989 دوای ئەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان زۆربەی ناوچەکانی ئەردەنی گرتەوە، لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی ئابوری ولاٌت، کە ئەردەن دووچاری قەرزێکی زۆر ببووەوە، ڕێژەی بێکاری بەرز ببووەوە، هاوکات لە رووی سیاسیەوە لەسەر ئاستی هەرێمی بە هۆی جیابوونەوەی ئەردەن لە فەلەستین و داگیرکردنی کەناراوەکانی ڕۆژئاوا لەلایەن ئیسرائیل، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهۆی رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، رۆیشتنی جیهان لە فرە جەمسەرییەوە بەرەو تاك جەمسەری و گوشارەکانی ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر ولاٌتان و داخوازی چاکسازی سیاسی و بلاٌوکردنەوەی دیموکراسی، هەموو ئەو بارودۆخانە سەرکردایەتی سیاسی لە ئەردەن ناچار کرد هەندێ هەنگاوی کرداری بنێت بە ئاڕاستەی دووبارە کارا کردنەوەی ژیانی پەرلەمانی و حیزبی، هەروەها بەشداری پێکردنی هاولاٌتیان لە بڕیاری سیاسی هەر بۆیە نوڤەمبەری 1989 دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە نێو ئەنجومەنی نوێنەران و بەشداری کردنی صارتە سیاسییەکان، کە توانیان لەم هەڵبژاردنە لە کۆی (80) کورسی، (29) کورسی بە دەست بهێنن، هەرچەندە بە شێوەیەکی فەرمی رێگە بە دەستپێکردنەوەی کاری حزبی نەدرا بوو، بەلاٌم دەوڵەت چاوپۆشی کرد لەم بەشداری کردنە، تا ئەو کاتەی بە فەرمی یاسای ژمارە (32)ی پارتە سیاسییەکان لە ساڵی 1992 دەرچوو کە چەند مەرجێکی بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی دانا لەمانە:

- نابێت ژمارەی ئەندامانی حزب لە 50 کەس کەمتر بێت.
- ئەندامانی دامەزرێنەر نابێت لە 25 ساڵ کەمتر بن.
- نابێت کاری حزبی بە نهێنی بکرێت.
- دەبێت چالاکیەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئەنجام بدرێت.
- نابێت کاری حزبی ببرێتە نێو ڕیزەکانی سوپا و هێزەکانی ناوەخۆ.

- نابێت کاری حزبی ببرێتە نێو دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەت.
- نابێت هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ لایەنی دەرەکی هەبێت لە ڕووی ڕێکخستن و داراییەوە.
- دەبێت پابەند بن بە دەستوور و سەروەری یاسای وڵات.
- پێویستە پابەند بن بە بنەماکانی فرەیی سیاسی لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕێکخستن.

دوا بە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ژمارەی پارتە سیاسیەکان لە شانشینی ئەردەن زیاد بوون، تا لە 2004 گەیشتە (31) پارتی سیاسی، تا ئێستاش بەردەوامن لە کاری سیاسی، دەکرێت بە پێی ئاراستەی هزری سیاسی پۆلێنیان بکەین بۆ چوار ئاراستە:

**یەکەم/ ناسیۆنالیستەکان**: ئەم ئاراستەیە زیاتر جەختی دەکردە سەر ئەو بوارانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی یەکێتی گەلی عەرەب، وەك حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی، پارتی بەرەی کاری نەتەوەیی.

**دووەم/ ئاراستەی چەپڕەوەکان**: ئەم ئاراستەیە زیاتر جەختی دەکردە سەر ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم وەك پارتی کۆمۆنیستی ئەردەنی، پارتی گەلی دیموکراسی ئەردەنی.

**سێیەم/ ئیسلامییەکان**: ئەم ئاراستەیە جەخت دەکاتە سەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و داوای جێبەجێکردنی شەریعەت دەکات لەسەرجەم کایەکانی کۆمەڵگەی ئەردەنی، وەك: پارتی کاری ئیسلامی، جوڵانەوەی عەرەبی ئیسلامی.

**چوارەم/ پارێزگاران**: ئەم ئاراستەیە گرێدراوی تەنها فیکرەیەك یان ئایدۆلۆژیایەك نیە، بەڵکو خاوەن دیدگایەکی نەتەوەییە، وەك: پارتی ئایندە، پارتی کاری ئەردەنی.

دوای ڕووداوەکانی بەهاری لە ساڵی 2011، بە پاساوی پاراستنی سیستم چالاکی پارتە سیاسییەکان و مەودای کارکردنیان لە وڵاتی ئەردەن زۆر بەر تەسك کراوەتەوە،

یاساکان بە ئاڕاستەی بەرتەسک کردنەوەی بەشداری کارای پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسی دەردەچن، بەلاّم تا ئێستا لە ولاّتی ئەردەن سیستمی فرە حزبی بە فۆرم و شێوەی جیاواز پەیڕەو دەکرێت، رۆڵیان هەیە لە نێو پەرلەمانی ئەردەنی، ئەگەرچی بەشێك لەم پارتانە مۆرکێکی خێلەکی و تایەفەگەریان وەرگرتوە زیاتر لەوەی پارتی سیاسی کاریگەر بن لە نێو حکومەت.

لیستی سەرچاوەکان:

- أحمد الحسامي، الأحزاب السياسية الأردنية ودورها في عملية التنمية السياسية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب/ قسم العلوم السياسية، (الأردن، جامعة الشرق الأوسط، 2020).

- أمجد حداد، نظام الحكم في المملكة العربية الأردنية الهاشمية، (عمان، دار وائل للنشر والتوزيع، 2003).

- فواز ذنون، هيكلية النظام السياسي في المملكة الأردنية الهاشمية، مجلة دراسات إقليمية، مركز الدراسات الإقليمية، (العراق، جامعة الموصل، د.ت).

- محمد العرقان – ياسر الخزاعلة، النظام السياسي الأردني، (عمان، دار الخليج للنشر والتوزيع، 2020).

- هيوا عبد الخالق أحمد، محاضرات في مادة النظم السياسية لدول الجوار الإقليمية للسنة الدراسية 2022–2023، كلية العلوم السياسية، (أربيل، جامعة صلاح الدين، 2023).

تێ بینی/

سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز مامۆستا هیوا عبد الخالق أحمد، مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین کە زۆر سوودمان لە محازەرەکانی بەڕێزیان بینی بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە.